# مشتەرییە بەڕێزەکانی ناوەندی پێشوازیکردن – ئەگەر ناوەندەکەت داخرا ئەوها بکە

ناچارین هەندێک ناوەندی پێشوازییکردنی پەناخوازان (کەمپ) دابخەین، چونکە ژمارەی مشتەرییەکانی ناوەندەکان بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بوونەوە. بڕی مشتەریەکان کەم بووەتەوە چونکە ژمارەی پەناخوازان و خاوەن مۆڵەتی پاراستنی کاتی لە جاران کەمترە، و هاوکات مشتەرییەکانی ناوەندەکانی پێشوازیکردن دەگوێزرێنەوە سەر شارەوانیەکان. بۆیە ناتوانین وەک جاران هێندە زۆر شوێنی نیشتەجێبوونمان هەبێت لە ناوەندەکاندا.

## ئەگەر پێویستیت بە گواستنەوە بێت، ناوەندی پێشوازیکردنت یارمەتیت دەدات

ناوەندی پێشوازیکردن لەگەڵ هەموو کەسانی سەر بە ناوەندەکە یەک بەیەک پەیوەندیت. ناوەندی پێشوازیکردن پێت دەڵێت کە دەبێت شوێنی ئێستای نیشتەجێبوونت بەجێبێڵیت و لەمەوبەدواوە چۆن دەتوانیت نیشتەجێ ببیت. دەتوانیت سەبارەت بە دۆخەکەت لەگەڵ کارمەندەکانی ناوەندی پێشوازی کردنت قسە بکەیت.

## لێرە بخوێنەوە کە چی بژاردەیەک هەن بۆ ڕێکخستی نیشتەجێبوونت لەمەوبەدوا

### ١ شارەوانیی نیشتەجێبوون

- زۆر باشە داوای شارەوانیی نیشتەجێبوون بکەیت ئەگەر
    - ئەگەر مۆڵەتی پاراستنی کاتیت هەبێت و لانیکەم ساڵێک بە بەردەوامی لە فینلەندا ژیابیت.
- کاتێک شارەوانی نیشتەجێبوونت هەبێت
    - دەتوانیت خۆت بڕیاربدەیت کە لە کوێ بژیت و نیشتەجێبوونی خۆت بەپێی ویستی خۆت ڕێکبخەیت.
        - ئەگەر ئێستا لە خانووێک دا دەژیت کە لەلایەن ناوەندی پێشوازیکردنت پێشکەش کراوە، لە ناوەندەکەت بپرسە کە ئایا دەکرێت پەیمانی کرێ خانووەکە بخرێتە سەر ناوی خۆت، ئەوکاتە دەتوانیت دوای ووەرگرتنی مافی شارەوانیی نیشتەجێبوونت لە هەمان خانوودا بژیت.
    - ماف و خزمەتگوزارییەکانت یەکسانن لەگەڵ هەموو کەسێکی کە بە بەردەوامی لە فینلەندا دەژیت. مافەکانت لە مافەکانی مشتەریەکانی ناوەندی پێشوازیکردن فراوانترن.
    - ئیتر مشتەریی ناوەندی پێشوازیکردن نیت.
    - گۆڕانکارییەکانی ناوەندەکانی پێشوازیکردن کاریگەری لە تۆ ناکەن.
    - دەتوانیت لە دەزگای Kela داوای یارمەتیی بژێوی و نیشتەجێبوون بکەیت بۆ ژیان ونیشتەجێبوون. سەبارەت بە داڕشتنی بەرنامەی ئابووریی خۆت لە ناوەندەکەت پرسیار بکە.
- تکایە ئاگاداربە کە ڕێکخستنی گواستنەوە ڕەنگە کاتی بوێت. بە زووترین کات پەیوەندی بە ناوەندی پێشوازیکردنەکەتەوە بکە بۆئەوەی لە وێ بتوانن هەڵسەنگاندنی دۆخەکەت بکەن و بەرەو پێشەوەی ببەن.
- داوای شارەوانی نیشتەجێبوون لە دەزگای زانیاریی دیجیتاڵ و دانیشتووان دا بکە:
    - ڕێنمایی بۆ ئەو کەسانەی پاراستنی کاتییان هەیە dvv.fi/ohjeita-ukrainasta-saapuville
    - ڕێنمایی بۆ ئەو کەسانەی پاراستنی نێودەوڵەتییان هەیە dvv.fi/kotikunta
- کارمەندەکانی ناوەندی پێشوازیکردن ڕێنمایی بۆ داواکردنی شارەوانیی نیشتەجێبوون دەدەن. دەتوانیت هەروەها بە تەلەفۆن و ئیمەیل یارمەتی وەرگریت بە ئوکراینی، ڕووسی، فینلەندی و ئینگلیزی
    - دەتوانیت تەلەفۆن بکەیت بۆ خزمەتگوزاریی ئوکرایناى فەرمانگەی کۆچ 605 790 0295 ڕۆژانی کار کاتژمێر ٨:٣٠–١٢:٠٠
    - دەتوانیت ئیمەیل بنێریت بۆ migri@migri.fi. لە سەردێڕی پەیامەکەت دا بنووسە "Kunta" (شارەوانی) چونکە ئەوها پەیامەکەت زووتر ڕەوانە دەکرێت بۆ پسپۆڕێکی پەیوەنیدار. بۆ ناردنی پەیامەکەت بەنهێنی خزمەتگوزاریی securemail.migri.fi بەکاربێنە.

- ئەگەر داوای پاراستنی نێودەوڵەتیت کردبێت و بڕیارێکی ئەرێنیت وەرگرتبێت، دەتوانیت داوای شارەوانیی نیشتەجێبوون بکەیت. زانیاری زیاتر لەسەر لاپەڕەی گواستنەوە بۆ شارەوانی.

**٢ نیشتەجێبوونی تایبەت (لە ئادرەس)**

- ئەگەر نەتهەوێت یان نەتوانیت لە شارەوانییەک نیشتەجێ بیت، دەتوانیت لە دەرەوەی ناوەندی پێشوازیکردن لە خانووێکی کەسی دا بۆ خۆت نیشتەجێبوون ڕێکبخەیت. ئەوکات تێچووەکانی نیشتەجێبوونت قەرەبوو ناکەین.
- ئەگەر لە نیشتەجێبوونی تایبەت دا بیت، خزمەتگوزاریەکانی پێشوازیکردن لە نزیکترین ناوەندی پێشوازیکردن وەردەگریت.
- زانیاریی زیاتر سەبارەت بە نیشتەجێبوونی تایبەت لە لاپەڕەی فەرمانگەی کۆچ دا:
    - migri.fi/asuminen
    - migri.fi/majoittuminen-yksityismajoitukseen

**٣ گواستنەوە بۆ ناوەندێکی تری پێشوازیکردن**

ئەگەر نەتهەوێت ماڵەکەت بۆ شارەوانییەک یان بۆ نیستەجێبوونی تایبەت بگوازیتەوە، دەتوانیت نیشتەجێبوونت ڕێکبخەیت لە ناوەندیکی پێشوازیکردن کە جێگای هەبێت. ناتوانیت ناوچەی نیشتەجێبوونی خۆت هەڵبژێریت.

- لەوانەیە نەتوانیت شوێنێکی نیشتەجێبوونی نزیکت بۆ بدۆزینەوە. شوێنێک پێشکەش دەکرێت بۆ نموونە بەپێی ئەوەی کە لە چی ناوەنێکی پێشوازیکردنی شوێنی بەتاڵ هەبێت.

## زۆربەی دانیشتووان مافیان هەیە داوای شارەوانیی نیشتەجێبوون بکەن

لە بڕیاری کەمکردنەوەی ناوەندەکانی پێشوازیکردن دا ئەوە لەبەر چاوگیراوە کە لە ساڵی ٢٠٢٥ دا٢٢٠٠ کەسی کە لەو ناوەندانەی کاریان کۆتایی پێ دێت نیشتەجێن، مافیان هەیە ئەگەر بیانهەوێت یەکسەر داوای مافی شارەوانیی نیشتەجێبوون لە فینلەندا بکەن.

## ناوەندەکانی پێشوازیکردن کە دادخرێن

ڕێککەوتنەکان کۆتایی هێنراون لە ٢٠٢٥/٣/١، ٢٠٢٥/٤/١ و ٢٠٢٥/٧/١ەوە.

## ناوەندەکانی کە لە حوزەیرانی ٢٠٢٥دا دادەخرێن

- ناوەندی پێشوازیکردنی کێمی، Hemcare Oy
- ناوەندی پێشوازیکردنی پیێکسەمەکی، Kotokunta Oy
- ناوەندی پێشوازیکردنی ڤارکاوس، Kotokunta Oy
- ناوەندی پێشوازیکردنی یەرڤێنپە، Luona Oy
- ناوەندی پێشوازیکردنی پۆرڤۆ، Luona Oy
- ناوەندی پێشوازیکردنی ساتاکونتا، خاچی سووری ناوچەی ساتاکونتا
- ناوەندی پێشوازیکردنی ڤاسا، Pohjanmaan Maahanmuuttokeskus Oy
- بەشی منداڵانی کایانی، Babando Oy

## ناوەدنەکانی کە ئەیلوولی ٢٠٢٥ دادەخرێن

- ناوەندی پێشوازیکردنی خانوویی لە ڤانتا، Luona Oy
- ناوەندی پێشوازیکردنی خانوویی لە لەنسی-ئووسیما، Luona Oy

- ناوەندی پێشوازیکردنی لیێکسا، Kotokunta Oy
- ناوەندی پێشوازیکردنی ڤالکێئاکۆسکی، Kotokunta Oy
- ناوەندی پێشوازیکردنی فۆرسسا، Kotokunta Oy
- ناوەندی پێشوازیکردنی یەمسە، Kotokunta Oy
- ناوەندی پێشوازیکردنی ڕیهیهیمەکی، Kotokunta Oy
- ناوەندی پێشوازیکردنی کایانی، Babando Oy
- ناوەندی پێشوازیکردنی ئۆلاند، خاچی سووری ناوچەی ڤارسینایس-سوۆمی

## ناوەدنەکانی کە کانوونی دووەمی ٢٠٢٥ دادەخرێن

- ناوەندی پێشوازیکردنی ئۆراڤاینێن، Pohjanmaan Maahanmuuttokeskus Oy

## ناوەدنەکانی کە شوباتی ٢٠٢٦ دادەخرێن

- ناوەندی پێشوازیکردنی یۆوێنسوو، Kotokunta Oy
- ناوەندی پێشوازیکردنی کوۆپیۆ، Kotokunta Oy
- ناوەندی پێشوازیکردنی میککێلی، Kotokunta Oy
- ناوەندی پێشوازیکردنی ڕۆڤانیێمی، Kotokunta Oy
- ناوەندی پێشوازیکردنی تامپێرێ، Kotokunta Oy
- ناوەندی پێشوازیکردنی هەمێنلیننا، Kotokunta Oy
- ناوەندی پێشوازیکردنی لاهتی، Kotokunta Oy
- ناوەندی پێشوازیکردنی یوڤەسکولە، Kotokunta Oy

## کۆپیەکانی زمانەکان